**ئەنجومەنی بەرگرتن بە تاوان (Brottsförebyggande rådet, BRÅ) ڕێکخستنێکی حوکوومەتییە کە هەوڵ بۆ کەمکردنەوەی ڕێژەی تاوانکاری لە کۆمەڵگادا دەدات. ئێمە لە ڕێی پێشکەشکردنی فاکتا و بڵاوکردنەوەی زانیاری لە سەر تاوان و بەرگرتن بە تاوان، ئەم کارە دەکەین.**

**ڕێکخراوی Brå، یارمەتی دەداتە دەزگەی پۆلیس ، دەزگەی پارێزەری گشتی و ناوەندی چاوەدێری لە تاوانکاران. ئەویش لە بواری هەڵسەنگاندنی باشترین و کاراترین شێوازگەلی کار و ئەوەی خەڵک چەندەیان متمانە پێ دەکەن. ئێمە هەروەها پشتگیری لە کاری بەرگرتن بە تاوان لە ئاستی ناوچەیی و لۆکاڵیشدا دەکەین.**

**ڕێکخراوی Brå بەرپرسیی فەرمیی ئاماری تاوانکاری لە سویدی لە سەر شانە. لە ڕێگەی ئێمەوە بۆ نموونە ڕوون دەبێتەوە کە لە ماوەیساڵی ڕابردوودا چەند کردەی تاوانکارانە ڕاپۆرت دراون.**

### لەگەڵ ڕێکخراوی Brå پێوەندی بگرە.

**ناونیشانی پۆستی:** Brottsförebyggande rådet, Box 1386, 111 93 Stockholm
**ناونیشانی سەردان:** Tegnérgatan 23, 2 tr
**تەلەفۆنخانە:** 08-527 58 400
**ئیمەیل:** info@bra.se
**ماڵپەڕ:** www.bra.se

### دەزگەی داد

**ڕێکخراوی Brå بەشێکە لە دەزگەی دادی وڵات کە ئەویش چەند ڕێکخستنی حوکوومەتی دەگرێتە خۆیەوە کە بۆ پاراستنی هێمنایەتی و ئاسایشی هاووڵاتیان تێدەکۆشن. بۆ نموونە بەرپرسی بەرگرتن و توێژینەوە لە سەر تاوانکارین، لێکۆڵینەوە لە سەر دۆسیەی تاوانکاری لە دادگاکاندا دەکەن، پارێزگاری لە مافی قوربانییانی تاوانکاری دەکەن و ئەوەی ئاخۆ ئەو حوکمانەی وەک سزا لە سەر تاوانکاران دەرچوون جێبەجێ دەکرێن یان نا.**

**مەبەست لە دەزگەی داد ئەم ناوەندانەن: دەزگەی پۆلیس (**Polisen**)، دەزگەی پارێزەری گشتی (**Åklagarmyndigheten**)، پزیشکی یاسایی (**Rättsmedicinalverket**)، دەزگەی لێکۆڵینەوە لە تاوانە ئابوورییەکان (**Ekobrottsmyndigheten**)، ناوەندی چاوەدێری لە تاوانکاران (**Kriminalvården**)، دادگاکان (**Sveriges Domstolar**)، ئەنجومەنی بەرگرتن بە تاوان (**Brottsförebyggande rådet**) و ڕێکخراوی قوربانیانی تاوان (**Brottsoffermyndigheten**). بەرپرسێتیی دەزگەی دادی سوید بە وەزارەتی دادە (**Justitiedepartementet**).**

### ئایا بوویەتە قوربانیی کردەیەکی تاوانکارانە؟

**ئەگەر کەوتوویەتە بەر مەترسیی کردەیەکی تاوانکارانە، دەبێ هەرچی زووتر بە پۆلیسی ئەو پارێزگایەی تاوانەکەی لێ ڕوویداوە ڕاپبگەیێنێ.**
**ئەگەر تاوانکارییەکە هەر ئێستا بەردەوامە، ئەوا لەگەڵ ژمارە تەلەفۆنی 112 پێوەندی بگرە.**
**دەنا تەلەفۆن بۆ ژمارەی 14 114 بکە، یا خود بچوە لای نزیکترین ناوەندی پۆلیس.**